پارێزگاری هەولێر و پارێزگاری پارێزگای کوردستان ڕێککەوتننامەیەک ئیمزا دەکەن



پارێزگاری هەولێر و پارێزگاری پارێزگای کوردستان ڕێککەوتننامەیەک ئیمزا دەکەن، کە سێ بواری جیاواز لەخۆ دەگرێت و ئامانج لێی پێشخستنی ئاستی پەیوەندیەکان و قازانجی ئابووری و خۆشگوزەرانی پارێزگاکەیە.

چوارشەممە، 21ـی ئایاری 2025، لە چوارچێوەی سەیمین کۆبوونەوەی هاوبەشی پارێزگا هاوسنووریەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر یەک لە ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و ئارەشی زرێ تێنی لەهێنی، پارێزگاری کوردستان، بەمەبەستی پتەوکردن و فراوانکردنی پەیوەندیەکانی نێوان پارێزگای کوردستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، یاداشتێکی لێکگەیشتن لە بوارەکانی ئابووری، کولتووری - کۆمەڵایەتی، زانستی – تەکنەلەجییان ئیمزا کرد، کە ئامانج لێی بەکارهێنان و سوودوەرگرتنی باشترە لە دەرفەت و تواناکان لەپێناو پێشخستنی ئاستی پەیوەندیەکان و قازانجی ئابووری و خۆشگوزەرانیی خەڵکی ناوچەکە. یاداشتەکەش چەند خاڵێکی لەخۆ گرتووە، کە ئەمانەن:

ماددەی یەکەم/ تەوەری ئابووری: گرنگپێدانی هاوکاریی سنووری و پەرەپێدانی بونیاتنەرانەی ژێرخانێکان

1-1. ئاسانکاریی بازرگانی و گومرگی:

* پێکهێنانی لیژنەی ژوورەکانی بازرگانیی بۆ چارەکردنی ناکۆکی یاسایی و ناکۆکیی لە نێوەندەکانی نێوان بازرگانان و چالاکانی ئابووری دوولایەن.

*هاوکاریی لایەنی پەیوەندیداری گومرگی و هێزی سنوورپارێزانی بۆ مەبەستی گەیەنەوەی ئەزموون و ئاسانکاریی بازرگانیی یاسایی و نەهێشتنی کێشەکان لە ئیقامەی هاوڵاتیان.

* زەمینەسازی هەلومەرج بۆ گواستنەوەی داستوخێی کاڵای هێناردەکراو و ئێوانەی کە ئۆلۆیەتی ماوەبەسەرچوونیان هەیە و خەرا خراپ دەبن و بەرهەمی کشتوکاڵی لە ڕێگای سیستەمی گواستنەوەی دوولایەن یان لە ڕێگەی کەمپانیای هاوبەشی نێودەوڵەتی گواستنەوە.

* خەبەدوورگرتن لە بەیاری لێناکاو و بەپلانی سنوواردارکردن لە گواستنەوەی کاڵا و ئاگادارکردنەوەی دەسبەجێی لە ڕێگای سکرتاریەتی هاوبەشەوە.

2-1. سەرمایەگوزاریی هاوبەش:

* هاندان و ڕاکێشانی سەرمایەدارانی بەتوانا و شایستە بۆ وەبەرهێنانی هاوبەش.

* ئەنجامدانی کەنفرانسی هەلی سەرمایەگوزاریی هاوبەش.

3-1. ژەرخانەکان، گواستنەوە و خزمەتگوزاری تەکنیکی و ئەندازیاری:

* ئاسانکاری بۆ ئاوگۆڕی خزمەتگوزاری تەکنیکی و ئەندازیاری و هاوکاری لە پڕۆژەکانی بیناسازی، پەرەپێدانی ژەرخانی و پەرەپێدانی گواستنەوە.

4-1. ئابووریی تەندروستی

* پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی پسپۆڕی (تخصصی) و پسپۆڕیی ورد (فوق تخصصی) بۆ نەخۆشەکان لە هەرێمی کوردستان لە سەنتەرە پزیشکییەکانی پارێزگای کوردستان (نەشتەرگەریی پسپۆڕیی ورد، ژنان و منداڵبوون، شەرپێنج، جوانکاری و پزیشکی ددان و …)

* بڕەودان و بەهێزکردنی گەشتیاریی تەندروستی، گەشەپێدانی ئەکتوریسمی تەندروستی و ڕێکخستنی بازاڕی نافەرمیی گەشتیاریی تەندروستی لەپێناو پاراستنی مافی ئەوانەی خزمەتی پزیشکی وەردەگرن

ماددەی دووەم/ تەوەری کولتووری - کۆمەڵایەتی - ژینگەیی: بەهێزکردنی شوناسی هاوبەش و هاوکارییە کولتوورییەکان

1-2. میراتی ڕۆشنبیری و گەشتیاری:

* ئەنجامدانی بنەما هاوبەشەکان لەوانە فێستیڤاڵ، گەشتی ئاشنابوون بە گەشتیاری، کەنفرانس و

پشانگای تایبەتمەند لە بواری گەشتیاری و کاری دەستی.

* زەمینەسازیی بۆ بەرفراوان کردنی هاوکاریی کەمپانیای گەشتیاری بە مەبەستی پەرەپێدانی گەشتیاری و جێبەجێکردنی گەشتە هاوبەشکان.

* پلاندانان بۆ گەشتی هەشیاری و بەبازاڕکردن بۆ کەمپانیا و چالاکوانانی بواری گەشتیاری تەندروستی بە سەردانی ئۆو نێخشخانیانی مەتیان هەیە بۆ وەرگرتنی نێخشی نوودووتی (IPD) هەروەها شوێنە گەشتیاریەکان (ئیکۆتۆریسم) لەگەڵ جێختکردنەوە لەسەر گەشتیاری تەندروستی.

* ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی گەشتیاران و زیارەتکاران لە ڕێگەی سنووری و مەتی ئاسانکراو.

* بوژانەوەی ڕێگای زیارەتی و مێژووییە هاوبەشکان بە سەردانی شوێنە ئاینی و مێژووییەکان و پەرەپێدانی ژێرخانی گەشتیاری

2-2. ڕێشنبیری و هونەر:

* دانانی بناغەی بەڕێوەچوونی دوو ساڵانەی هەفتەی هونەری کوردی (فیلم، شانۆ، فێستیڤاڵەکانی مۆسیقا و هتد)

* هەوڵدان بۆ پێناسەکردن و دامەزراندنی خەڵاتی ئەدەبی - هونەری و کردنەوەی پێشانگای هاوبەشی کتێب و بەرهەمی هونەری.

* هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەرشیفێکی دیجیتاڵی و داتابەیسێکی هاوبەش لە ئەدەبیات و مۆسیقا و ئاوازی کوردی لێکاڵی بۆ هاوکاری زانکۆ و دامەزراوە ئەدەبییەکان و دامەزراوەکان و هونەرمەندانی هەردوولا.

3-2. بوارەکانی کار و خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی:

*هەوڵدان بۆ بەستنی ڕێککەوتن لەبواری ئاوگۆڕی هێزی کار و پاراستنی یاسایی بۆ هێزی کاری لایەنەکان.

* دامەزراندنی سەنتەری ڕاوێژکاری پیشەیی و گیان بەدوای کاردا بۆ مەبەستی ئاسانکاری لە مەرجەکانی ناردنی هێزی کار لە هەردوو لایەنەوە.

*هاوکاری لە پڕۆپەدانی ستانداردەکانی ڕاهێنانی کارامەیی و سەرچاوەکانی فەرکردن و خێجێیکردنیان لە چوار بەشی پیشەسازی، خزمەتگوزاری، کشتوکاڵ، و ڕاشنبیری و هونەر، و دامەزراندنی ناوەندی تەکنیکی و پیشەیی هاوبەش.

4-2. ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان

* پڕۆپەدانی هاوکاریی بۆ دڵنیاوەی ڕێکاری پاراستنی دارستان و سەرچاوە ژینگەییەکان و سوودەکان و چارەسەرکردنی ئاستەنگە هاوبەشە ژینگەییەکان.

* ئاڵوگۆڕی ئەزموونی ژینگەیی و یاهێنان بۆ پێشخستنی چارەسەرکردنی ئاستەنگە ژینگەییەکانی هەردوو لایەن.

ماددەی سێیەم/ خوێندنی باڵا و داهێنان و تەکنەلۆژیا

* بەهێزکردنی هاوکاری دووڵایەنە لە نێوان زانکۆکانی هەردوولا بۆتایبەتی لە بواری زانستییە نوێیەکانی وەک زیرەکی دەستکرد.

* فراوانکردنی هاوکاری لە بواری ئاڵوگۆڕی مامۆستا و خوێندکار لە نێوان زانکۆکانی دوو لایەن.

* بەهێزکردنی کەنفرانس و بۆنەی هاوبەشی زانستی و هۆشنبیری لە نێوان زانکۆکانی هەردوولا.

* هەوڵدان بۆ کردنەوەی پلاتفۆرمی پەروەردەی ئۆنلاین (زانکۆی مەجازی) بۆ پێشکەشکردنی خولی هاوبەش.

* کردنەوەی کورسییەکانی توێژینەوەی هاوبەشی یونسکۆ.

* پێناسەکردن و ئەنجامدانی پڕۆژەی توێژینەوەی هاوبەش لە بواری تەحەددای هاوبەش وەک قەیرانی ئاو و وشکەساڵی، خۆ و ئاسایشی خۆراک و هتد، هەروەها پێدانی هەڵی خوێندنی ٦ مانگ بۆ توێژەران لە زانکۆ

و ناوەندەکانی توێژینەوەی لایەنەکان.

* زانکۆکانی هەرێم و زانکۆی کوردستان، هەوڵ بدەن بۆ یەکگرتن و یەکخستنی زمانی کوردی بۆ گشت دیالێکتەکان بۆ شێوەی دیجیتاڵ.

* هاوکاریکردن لە پەرەپێدانی ستانداردەکانی هاهنانی کارامەیی و سەرچاوەی خولەکان و ئەنجامدانی خولی هاهنان بۆ هاهێنەرانی کارامەیی پێویست بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناوەندەکانی هاهنانی تەکنیکی و پیشەیی (فنی و حرفەای) ئێران.

* هاوکاری بۆ پەرەپێدانی ئابووری دیجیتاڵی و ناساندنی توانا و بازرگانی لایەنەکان لە بواری تەکنەلۆژی.

* یارمەتیدان لە وەبەرهێنان لە یەکەکانی تەکنەلۆژیا و کۆمپانیاکانی بنەمای زانیاری (دانشبنیان) و تەکنەلۆژیا/ بازاڕی تەکنەلۆژیا بۆ ئاسانکاری هێناردەکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی کۆمپانیاکانی بنەمای زانیاری.

مادەی چوارەم: بەدواداچوون و جێبەجێکردن

* هەر دوو پارێزگار بۆ بەردەوامی لە پێوەندیدان بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکان و بڕگەکانی ئەم لێکگەیشتنامە بە هەماهەنگیی کونسووڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر و پێوەندیەکانی دەرەوەی

هەرێمی کوردستانی عێراق

.